## "شاخەوان شۆڕش"لەوەڵام بە پرسیاری دەنگەکان
## لە حەڤدەهەمین ساڵ ڕۆژی تراژیدیای ئەنفال

**دەنگەکان** :ئایا توانراوە ئەنفال وەک ئەوەی کە هەیە , نەک ئەوەی کە دەسەڵاتداری کوردی ئەمڕۆ دەیەوێت , بکرێت بەمێژوو ؟

**شاخەوان شۆڕش** : تراژیدیای گەلکوژیەکەی ئەنفال ئەوەی بۆ نەکراوە کە لەئاستی گەورەیی ئەو کارەساتەدا بێت. ئەو کارەساتە هەوڵی بەیەکجاری لەناوبردنی خەڵکی کوردستانی بوو. عارەبە دەسەڵاتدارەکانی بەغدا مەبەستیان بوو کورد لە کوردستان ڕەشکەنەوە و بە دەردی ئەرمەنیەکانیان ببەن.

بەهۆی بوونی دەسەڵاتی کوردی و ئازادی باشور (مەبەستم لەئازادی, نەمانی داگیرکەرە لە باشور) لە دوای سەپاندنی زۆنی دڵنیایی 36 لە ساڵی 1991 ــەوە, کارەساتی ئەنفال شتی تاڕادەیەک بۆ کراوە و بەلایەنیکەم هەوڵ دراوە بەسەرهات و گێڕانەوەکان پێشکەشی خەڵکی کوردستان لە دەرەوە و ناوەوەدا بکرێن. بەهۆی ئەو بوارەی کە ڕەخساوە ڕۆژنامەگەر و نوسەر و خەڵکی دیکەی بێگانە توانیویانە تاڕادەیەک بگەنە قوربانیە زیندووەکان و کارەساتەکە لە ئاستێکی سنوردار بە خەڵکی دەرەوەی کوردستان بگەیەنن.
بەڵام ئەو هەوڵانە زۆربەیان لە بواری گوزارشت و گێڕانەوە تێپەڕناکەن. ئەوانە زۆربەیان گوزارشت لەوە دەکەن چۆن ئەو خەڵکە وایان بەسەرهات و لەچ ئازارێک دابوون, یا کارەساتەکە چۆن دەستی پێکرد و چۆن و کەی کۆتایی هات. شوێنی لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ڕووداوەکە زۆر بەتاڵە.

سەبارەت بە کردنی کارەساتی ئەنفال بەمێژوو, لەڕاستیدا گەورەیی کارەساتەکە توانیویەتی سنورە داسەپێندراوەکانی کوردستان ببڕێت و چووەتە ناو فەرهەنگی زۆر لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان, بۆیە کارەساتەکە وەکو ڕووداو یا گەلکوژیەک یا ترادیژیایەکی گەورەی مرۆڤایەتی جێگەی خۆی بەمجۆرە لە مێژوودا کردۆتەوە. بەڵام کارەساتی ئەنفال هەر ئەوە نییە بە چەند وشە و ڕستەیەک لە فەرهەنگێکدا گوزارشت بکرێت. ئەوە تەنها بچوکترین کارێکە کە کورد بیەوێ و نەیەوێت جێبەجێ دەکرێت.
کردنی کارەساتەکە بە مێژوو بەو واتایەی گوزارشتێکی تێروتەسەل, بێلایەن و زانستیانە بگرێتەخۆی بەداخەوە تائێستا نەکراوە. ئەوەش ناکرێت تاکو تێگەیشتنی سنوردارانەی کەس و پارت لەکوردستاندا زاڵ بێت و فەرمانڕەوابن.
ئەگەر بەچاوێکی زانستیانەی بێلایەنانە سەیری کارەساتەکە بکەین: دەبێ هەموو لایەنەکی کارەساتەکە تێروتەسەلانە و بێلایەنانە گوزارشتکرێن؛ بەکەس ناگوترێت قارەمان یا خۆفرۆش, چونکە تێڕوانینی زانستی پەیوەندی بەوە نییە کێ پیاوچاکە, بەڵکو ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە و ڕووندەکاتەوە, بەمجۆرە لەکار و کردەوەکان دەدوێت ئەوجا هەرکێیەک کردبنی گرنگ نییە. بەمشێوەیە پەیوەندی بەوە نییە ئەگەر ڕووداوێک بگێڕدرێتەوە زیان بەلایەنێک دەگەیەنێت یا ناگەیەنێت؛ تێڕوانینی زانستی سەبارەت بە کارەساتەکە لە هیچ لایەنێکی ڕووداوەکە خۆی ناپارێزی و ئەنجامێک دەداتە دەست کە نەتوانرێ هەروا بەئاسانی بە ئاشکرابوونی بابەتێک یا ڕووداوێک بگۆڕدرێت, چونکە ئەگەر ئەوە ڕوویدات کەواتە تێڕوانینەکە بێلایەن نەبووە یا تەواو نییە و ئاگاداری هەموو لایەنە گرنگەکانی ڕووداوەکە نەبووە.
گوزارشتێکی زانستیانەی کارەساتەکەی ئەنفال و دەیان ڕووداوی دیکەی گرنگی کوردستان, پێویستیان بە بوونی دەزگا و دامەزراوی هۆشەمەندانەی بێلایەن هەیە, ئەوەش بەبێ بوونی فەرمانڕەوایەکی هۆشمەندانەی بێلایەن ئاسان نییە بێتەدی.

ئەوەی لەو بارودۆخەی ئێستا دەکرا و دەبوایە بکرێت:

1. ناونوسکردنی هەموو ئەوانەی قوربانی ئەو کارەساتەن و قەرەبووکردنەوەیان و پشتگیری کردنیان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بە شێوەیەکی یەکسان. نەک بە شێوەی خزمخزمانێ و ناسیاوی.

2. دروستکردنی چەند تیمێکی ڕاهێنراوی شارەزا لە دۆزینەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ و پشکنینی پاشماوە و تەرمەکان, پێویستە ئەو تیمانە بەردەوام لە چالاکی دابن و یارمەتی بدرێن.

3. کردنەوەی بەشێکی تایبەتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە زانکۆکانی کوردستاندا. ئەو دامەزراوە زۆر گرنگە بۆ بەرەو پێشەوەبردنی کارەساتی ئەنفال لە ئاستی گوزارشتەوە بۆ ئاستی لێکۆڵینەوەی زانستی. ئەوە وادەکات لە ئاستێکی بەرزی زانستیدا و لە ئاستی جیهانیدا گەلکوژی ئەنفال بناسرێت, بۆنمونە وەکو ئەوەی بۆ هۆلۆکۆست کراوە. بوونی ئەو دامەزراوە زۆر پێویستە بۆ ئاشناکردنی خوێنەرانی کۆلیژ و زانکۆ بە چەمکی گەلکوژی "ژەنۆساید" , تایبەتمەندی ئەو دیاردەیە, هەروەها شیکاری پرسیارەکانی بۆ, لەبەرچی, چۆن و کەی هتد. هەروەها وانەگوتنەوە لەسەر گەلکوژیەکانی دیکە کە لە شوێنی دیکەی جیهاندا ڕوویانداوە.

4. کردنەوەی مۆزەخانەیەکی مۆدێرنی تایبەت بە کارەساتەکە, بەشێوەیەک نەک تەنها بە وێنە, بەڵکو بە نووسینی گێڕانەوەکان, ئامادەکردنی فیلمی ڕوون و ئاسان بۆ تێگەیشتن و پێشکەشکردنی لە چەند کاتێکی دیاریکراوی ڕۆژانەدا, بۆ ئەوەی هەموو چین و توێژێکی خەڵکی کوردستان بەئاسانی لە کارەساتەکە بگەن. ئەوە جگەلەوەی پێویستە بەزمانەکانی دیکەی بێگانە فیلم ئامادەبکرێن و بە جودا بێشکەش بە مێوانان بکرێن.

5. پاراستنی هەندێ لەو شوێنەوارانەی مۆرکی کارەساتەکەیان پێوەدیارە یا بەناوبانگن لە کارەساتەکەدا و کردنیان بە مۆزەخانە بۆ سەردانیان لەلایەن میوانان. وەکو بۆنمونە سەربازگەی تۆبزاوە.

دەبێ ئەوش بگوترێت هێشتنەوەی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال لە چوارچێوەی ئێراقدا زۆر خراپ بوو و وایکرد و وادەکات سنوری بڵاوبوونەوەی کارەساتەکە بە جیهاندا بچوک بکرێتەوە. ئەگەر دادگاییکردنی تاوانکارانی ئەنفال نێونەتەوەیی بوایە زۆر سودی بۆ قوربانیەکان و کێشەی کورد بەتایبەتی دەبوو, زۆر زیاتری لەسەر دەگوترا و دەنوسرا و زیاتر دەناسرا. بۆنمونە لە (سرێبرەنیسا)ی بۆسنە تەنها هەشت هەزار کەس بوونە قوربانی, بەڵام لەبەرئەوەی دادگاکردنی تاوانباران نێونەتەوەییە سەد ئەوەندەی ئەنفالی لەسەر نوسراوە و گوتراوە و بەمشێوەیە زیاتر ناسراوە.

**دەنگەکان** :ئەو ئەرکانە چین لەسەر شانی ڕۆشنبیری کورد لە نزیک و دوورماوەدا , سەبارەت بەکارەساتی ئەنفال ؟

**شاخەوان شۆڕش** : ئەرکی ڕۆشنبیری کورد سەبارەت بە کارەساتەکە, دەکرێ گەلێ ئەرکی پێویست هەبن لەوانە:

یەکەم: بەلایەنیکەم گرنگە بە چاوی بێلایەن لە کارەساتەکە بدوێن, ئەوجا لەهەرچی ئاست و بوارێکدا بێت. مەبەست ئەوەیە ڕووداوەکە وەکو چۆن بووە ئاوا لێی بدوێن.

دووەم: نوسینی زیاتر لەسەر کارەساتەکە بە زمانی کوری و زمانەکانی دیکە بەتایبەتی ئینگلیزی. گەر بمانەوێ کارەساتەکە لەسەر ئاستی جیهانی چاکتر بناسرێ و چەند دێڕێکی فەرهەنگ تێپەڕێنێت, زۆر گرنگە بە زمانی ئینگلیزی لەسەری بنوسرێ و بکۆڵدرێتەوە.

سێیەم: سازکردنی کۆڕ و سمینار بۆ کورد و بێگانە گرنگە. ئەوجا ئەو سمینارانە زانستیانەن یا تەنها گێرانەوەن و گوزارشتین, هەرجۆرە بەشێوەی خۆی سوودی دەبێت. سمیناری زانستی لە زانکۆکانی جیهاندا بەتایبەتی بە

پەیوەندی لەگەڵ پرۆفیسۆر و مامۆستاکانی زانکۆ دەکرێ بکرێت. ئەگەر ئەو بوارە هەبوو پێویستە سوودی لێوەرگیرێت.

**دەنگەکان** : دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ ئەنفال بیرۆکەیەکی سەرکەوتووە ؟

**شاخەوان شۆڕش** : وەکو دیارە ڕۆژی 14ی ئەپریل کراوە بە ڕۆژی یادکردنەوەی ئەنفال. گەلکوژیەکەی ئەنفال بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لەبەردەست دان, لە 23 ی فێبریوەریەوە دەست پێدەکات و لە 6 ی سێپتەمبەر کۆتایی دێت. واتە جێبجێکردنی گەلکوژیەکە نزیکەی 8 مانگی خایاندووە. 14 ی ئەپریل دەکەوێتە کاتی جێبەجێکردنی ئەنفالی سێیەم کە ئەنفالی ناوچەی گەرمیان بووە, لە نێوان 7 تا 20 ی مانگەکە ڕوویدا. دەڵێن لەو ڕۆژەدا یا چەند ڕۆژەی ئەوسادا, هێرشی سوپای بەعس کوشندەترین زیانی گەیاندووە و زۆرترین کەسی لەناوبردووە. ئەگەر ئەوە بەبەراورد لەگەڵ ئەنفالەکانی دیکە وابێت, دەکرێت ئەو ڕێکەوتە بەگونجاو دابندرێت.
بەڵام بۆ یەک ڕۆژ؟ تاوانکاریەکانی ئەنفال هەشت مانگیان خایاندووە, ئێستا دەکرێت بە دیاریکردنی ڕۆژێک وازبێنین؟ بێگومان ناکرێ تۆ هەموو ڕۆژەکانی ئەو هەشت مانگە بکەیتە یادی ئەو کارەساتە, بەڵام واپێدەچێ ڕۆژێکیش بۆ ئەو یادە جەرگبڕە کەم بێت. لەمبارەیەوە دەکرێ چەند پێشنیارێک بکرێت: لەوانە, یەکەم: دیارکردنی هەفتەیەک بۆ یادکردنەوە, ئەو هەفتەیەش واباشە کاتێک بێت کە تیایدا زۆرترین کەس بوونەتە قوربانی. دووەم: ئەنفالەکان لە هەشت مانگدا ڕوویانداوە و هەشت کات و ڕۆژی دەستپێکردنیان هەیە, دەکرێ ڕۆژی دەستپێکردنی هەر ئەنفالێک بکرێتە یادی ئەو بەشەئەنفالە.

ئەوانە تەنها چەند پێشنیارێکن و هیوادارم یادی کارەساتی ئەنفال لە ڕۆژێک زیاتری بۆ دابندرێت و ئەو یادکردنەوەیەش بکرێتە پشووی گشتی.

**2005.4.11**
**شاخەوان شۆڕش**